# هەندێک لە وشە و زاراوەکانی هەولێر و دەوروبەری

حەمە ساڵح فەرهادی

یەکێک لە نیشانەکانی دەوڵەمەندی زمانی کوردی و زۆری وشە و زاراوەکانی، ئەوەیە کە لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تایبەت بە ناوچەکە هەن و بە گوێگرتنێکی ورد لە ئاخافتنی هەر کەسێک، شوێنی ڕاستەقینەی ئەو کەسە بە دەردەکەوێت.

ناوچەی هەولێر و دەوروبەریشی، دەیان وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە هەندێکیان تەنیا تایبەتن بە شوێنەکە و هەندێکیشیان شوێنی دیکەش تێیدا هاوبەشن، هەروەها هەندێک لە وشە و زاراوەکان هەتا ئێستاش بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەندێکیان بەکارهێنانیان کەم بووەتەوە، یان هەر نەماوەن. هەروەک هەندێک لە وشەکان، وشەی ڕەسەنی کوردین، بەڵام وشەی ئاواش هەیە کە لە زمانی دیکەوە هاتووە و ئێستاش مۆرکی کوردانەی وەرگرتووە.

لەم بابەتەدا بەشێک لەو وشە و زاراوانە دەخەینە بەرچاو، چونکە هەندێکیان خەریکە لەبیر بکرێن. بە مەبەستی ڕێخۆشکردنیش بۆ خوێنەر؛ وشەکان بەپێی پیتە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی کوردیدا ڕیزبەندکراوان:

**أ-** ئاخوڕ: ئافڕ

ئارچاغ: سووک و بێ ئابڕوو

ئارمووش: ئاوریشم

ئاروو: خەیار

ئازووقە: ئازوخە

ئاقار: دەشتودەر

ئاوەڵکراس: دەرپێی درێژی ژنان

ئاودزبوون: برینێک ئاوی چووبێتە ناو

ئاوزە: هاوتەمەن

ئاوزینگ: گیانەڵا
ئاوقەران: هاوتا، وەک یەک
ئاوگەلە: ڕۆیینی مەڕێک بۆ مێگەلێکی دیکە
ئاو مارک: ئەو شتانەی لەکاتی بارانی زۆر و لافاودا ئاو ڕایاندەماڵێت و لە کەنارێکدا دەگیرسێنەوە.
ئاون: هاون
ئەتوو: تۆ
ئەسپەژن: ژنی شۆخوشەنگی بە جەستە
ئەسپیندار: چنار
ئەمە: ئێمە
ئەمن: من
ئەنگوتک: گوتک (تۆپەڵە هەویری خڕکراوی ئامادەکراو بۆ نان).
ئەنگوچک: فەقێیانە
ئەنگۆ: ئێوە
ئوتی: ئوتوو
ئۆردی: سەربازگە
ئێمەنی: یەمەنی (جۆرە پێڵاوێکی پیاوان بوو).

**ب**– باپیر: بابەگەورە
باخەڵ: گیرفان
بارانی سەر بە کڵاوە: بارانێکی بەتین و پڕ ئاو.
بارتەقا: بەقەد
بەرخانە: کۆچبار
باگوردان: باگردێن
بالیف: سەرین
باوەخوند: چوونەوەی یەکەم جاری کچی بەشوو دراو بۆ ماڵی باوکی.
باوی: بادام
بەدەلخێن: ئەو کچەی لە بڕی خوێنداری مەسەلەتی پێ دەکرێت و دەدرێتە ماڵی کوژراوەکە.
بەرانپیل: کۆڵوانە، بەرهەڵبێنە
بەرەواژی: ئاوەژوو
بەرباد: خراپ
بەربتوون: هەموو، سەرلەبەر
بەرچیخ: دارێکی درێژە دەکوترێ و چیغی پێ قایم دەکرێت.
بەرداخ: گڵاس
بەردەقانی: قۆچەقانی
بەردیل: شەکەمێ
بەروانکە: بەرسینگە
بەرک: گیرفان
بەروەست: پێوەستان، دەرەقەت
بەرۆک: یەخە
بەز: پیو
بەلەکپێچ: پووزەوانە
بەوێر: گران، بە ویقار
برنجی: زۆرباش، پلەیەک
برۆ: ئەبرۆ
بزگوڕ: شڕوشاڵات، کەلوپەلی سادەی ماڵ
بزنشک: بزمژە
بن: ژێر
بن پیاڵە: ژێر پیاڵە
بن جۆخین: ئەو بڕە دانەوێڵەیەی لەژێر خەرماندا دەمێنێتەوە.
بوار: بەهار
بووز: بەفری دەستکرد
بۆرەپیاو: پیاوی سووک و بێ نرخ
بۆگەنی: گەنیو
بۆن گرمخای: ئەو شتەی بەهۆی شێدارییەوە بۆنی ناخۆش بووە.
بێ بن: کچێک کە پێش شووکردنی کچێتیی خۆی لەدەست دابێت.
بێ سەروبەر: نارێک

**پ**– پاشملە: خراپ گوتن لە بارەی کەسێک
پەرپووت: شپرزە
پەرتەکردن: بڵاوبوونەوە
پەسیرە: بەرسیلە
پەشتەماڵ: خاولی
پەلک: گەڵا
پەنگر: پشکۆ
پت: بڕی ئەو شتە وردەی کە لەنێوان پەنجەی گەورە و پەنجەی شادەدا جێی دەبێتەوە.
پتە دەرمان: بڕی ئەو دەرمانە وردەی کە لەنێوان پەنجەی گەورە و پەنجەی شادەدا جێی دەبێتەوە.

پرتە پرت: بۆڵەبۆڵی لەبەرخۆ
پرچ: قژ
پلار: توانج
پلک: پوور
پند: گەنە
پندەپند: بۆڵەبۆڵی لەبەرخۆ
پۆپیتە: پۆپنە
پۆخچی: ئەوکەسەی ئاودەستی ماڵانی پاک دەکردەوە
پیپ: بەرمیل
پیفۆک: پیشۆک
پێروو: پەروین (کۆمەڵە ئەستێرەیەکە).
پێشکە: مێشوولە
پێناو: ئەو ژنەی لەنێوان دوو دڵداردا ڕێخۆشکەرە.

**ت-** تاژی: تانجی
تام گێل: گەمژە
تەبارە: دەغڵودانی پێگەیشتوو پێش دروێنەکردنی.
تەڕاتێن: غارغارێن
تەرازوو: سێ ئەستێرەی جریوەداری لە ڕیز یەکن (میزان).
تەڕەتوولە: تەڕەتیزە
تەگبەند: قایشێکی پانە لە پشت دەبەسترێت.
تەنی: هیس
تخووب: سنوور
تڕەکەڵەک: کارێک بەناپوختەیی کرابێت
توورگ: چەقەڵ
توولە: جۆرە سەگێکی قەبارە بچووکە.
تۆپە قوڕ: بڕی ئەو قوڕەی کە لەیەک دەستدا جێی بێتەوە.
تۆرکە: تۆڵەکە
تیچاو: گۆشەنیگای چاو.
تیروپشک: قورعە.

**ج-** جادە: شەقام
جاجم: جۆرە پێخەفێکە لە بەنی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرێت.
جاحێر: گەنج
جاقیبوون: سوان
جام: ئاوخۆرە
جەڕە: گۆزەی گەورە
جەرگ: جگەر
جەو: هەورینگ
جەوبڕی: هەڵپاچینی خوری مەڕ و ماڵات بەهۆی هەورینگەوە.
جەوار: تەلیسێکی گەورەیە لە بەن دروست دەکرێت و دانەوێڵەی تێدەکرێت.
جڕناوفڕنا: خەونی بێ سەروبەر
جڕوجانەوەر: حەشەرات
جگانێ: یاریکردن بە جگ
جلیتانێ: جلیتێن، جلیتبازی
جووجکە: جووجەڵە
جۆبڕکە: ملە
جۆخێن: خەرمان
جۆخینە: خەرمانە (بۆ مانگ بەکاردەهێنرێت).
جۆنی: بەردێکی گەورەی قوولکراوە دانەوێڵەی تێدا ورد دەکرێت.
جیڕ بە جیڕ: پارچە پارچە
جیقنە: ڕیقنە
جینگز: ئەوکەسەی بە کەمترین شت تووڕە دەبێت.
جێوبالینگان: شوێنی نووستن.

**چ-** چار: چوار
چار، چاڵ (قوڕتێکی گەورە و قووڵە دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێت).
چاوەخانی: یەک ژووری خانوو، ژوور.
چەق: سەنتەر، مەرکەز
چەقێلە: چواڵە
چەقێن: زەوی بەردەڵان
چەکەخاڵانە: دەمانچەیەک، یان هەر شتێک کە لەلایەن ماڵی زاواوە بدرێتە خاڵی بووک بۆ ڕازیکردنی.
چەلاوخۆر: کاسەلێس
چەڵتووک: برنجی پاکنەکراوە.
چەنگ: بڕی ناولەپی دەستێک لەشت.
چش: هیچ
چورمیزکە: میز ڕانەگرتن
چۆغان: ڕووەکێکی بە کەفە جلوبەرگی پێ دەشۆردرا.

چۆک: ئەژنۆ
چیخ: بەربەستێکە لە قامیش بەیەکەوە بەند دروست دەکرێت.
جیلچیلەی گێ: نەرمایی گوێ
چێڵ: مانگا
ح- حەجمانی نییە: ناحەوێتەوە، ئارامی نییە
حەسیرمەیدان: لێدانێکی زۆر
حەفتوهەشت: مشتومڕ، موناقەشە
حەلەمێش: پوورە هەنگ
حندرحۆب: کورسی کورسی.

**خ-** خارۆزە: شۆکە
خاس: کاهوو
خانی: خانوو
خەرمانلۆغە: بڕی ئەو دانەوێڵەیەی لەسەر خەرمان دەبەخشرێتەوە.
خەزووران: خزمەکەسی ژن بۆ پیاوەکەی.
خەزێم: لووتەوانە
خەفیە: پۆلیسی نهێنی، سڕی
خەناوکە: ملوانکە
خەولێهەڕمان: خەوزڕان
خڕکە بەرد: گاشەبەرد
خدوو: خوو، نەریت
خنخنۆک: بینەقاقا
خوار: لار
خوارزا: خوشکەزا (منداڵی خوشک)
خوترمە: مەترەق، بەرچیغی ئەستوور.
خوودار: فێدار
خوریکە: ئاوڵە
خوناو: شەونم
خۆخ: قۆخ
خۆڕسک: سروشتی
خۆکڕینەوە: دانی بڕە پارەیەکی دیاریکراو بە دەوڵەت بە مەبەستی ڕزگاربوون لە سەربازی. (ئێستا ئەمە نەماوە).
خۆڕی: نامەرد
خۆڵ: خاک
خین: خوێن
خیندن: خوێندن

**د-** داپیر: دایە گەورە
داپیرۆچکە: جاڵجاڵۆکە
دارسان: هەڵمەت بردن
داڕسان: خوێن لێهاتنی لووت
دار ڕبە: دارێکە لە کاتی دانەوێڵە پێواندا سەری ڕبەی پێ مشتومالْ دەکرێت.
داسووک: داسی بچووک
داندۆک: ترخێنە
دەرە: گەنمەشامی
دەرەقەت: پێوەستان، پێ وێران
دەرکە: دەرگا
دەزی: دەزوو
دەستار: هارەتەپ. (دوو بەردی پانی وەکو یەکن دانەوێڵە لەنێوانیاندا دەهاڕدرێ).
دەستەبرا: برادەر
دەستڕ: دەستەسڕ
دەستشۆر: مەغسەل (شوێنی دەست شۆردن).
دەستکورت: هەژار، کەم دەرامەت.
دەسکەجۆنی: بەردێکی درێژە دانەوێڵەی ناو جۆنی پێ دەهاڕدرێ.
دەلحاز: یەکسەر
دەلینگ: بەشی هەرە خوارەوەی دەرپێ و شەرواڵ...
دەم: کات
دەمچەفت: بەستەزمان، قسەنەزان
دەمنی: دەڵێی
دەندەرۆشک: سیسی (تۆوی کەنگر)
دروونە: دروێنە
دژوون: پیسبوونی جەستە، یان جلوبەرگ.
دندووک: دەنووک
دوونگ: دووگ
دۆ بە کەشک: خۆراکێکە لە دۆی وشککراوە دروست دەکرێت.
دۆخۆرەوە: ئەو کەسەی لە لادێ دادەنیشت و زەوی کشتوکاڵی نەبوو.
دۆخین: بە نەخوێن
دۆدانە: جۆرێکە لە مەشکە دۆی تێدا هەڵدەگیرێت.

دۆر: دەهۆڵ
دۆغەوا: دۆ کولێو
دۆینە: چێشتێکە بە گەنمە کوتاو دۆ و پوونگ لێ دەنرێت.
دیان: کریستیان
دێر: کلێسا

ر- ڕاپێچ کردن: ڕامالین
ڕەژوو: خەڵووز
ڕەشان: بزن
ڕەشەولاخ: گاوگۆل
ڕەوسە: خەرمانی پاککراوەی دانەوێڵە.
ڕەوسە بڕکردن: پێوان و دابەشکردنی خەرمان
ڕدێن: ڕیش
ڕدێنی ماش و برنج: ڕیشی تێکەڵاو لە ڕەش و سپی
ڕشتبوون: پێداگری
ڕوو لک: ژاڵە
ڕیخ: شیاکە
ڕێ: ڕێگا
ڕێباس: دەغڵودانی ئاودراو.
ڕێوپێک: ڕەگ
ڕێی کاکێشان: کۆمەڵە ئەستێرەیەکی ورد و زۆرن لە ئاسماندا و ئاسمان سپی دەکەن.

ز- زەردەلوو: قەیسی تەڕ
زەریف: خۆش، ماقوول
زەغەل: تەمبەڵ
زەمتە: تەمبەڵ
زەنگین: دەوڵەمەند
زەنگینی: دەوڵەمەندی
زبارە: گەلکاری
زمانەگا: ئەستوورکێکی بچووک و درێژە بۆ منداڵ دروست دەکرێت.
زیخ: چەو
زیرە: قیژە
زیوان: مرۆر
زێڕ: ئاڵتوون

ژ- ژنترپاب: جۆرە جنێوێکە

س- سابوونی بۆن لەوەنتە: سابوونی بۆنخۆش
ساپیتە: گوێسەبانە
ساقە سۆرە: زەرنەقوتە
ساقۆ: پاڵتۆ، قاپووت
سەرتۆپ: بژاردە
سەرسەری: لۆتی
سەرشۆرک: گەرماو
سەرگین: تەپاڵە
سەکۆ: بەرزاییەکە لەسەر زەوی چێ دەکرێت و بۆ لەسەر دانیشتن بەکاردەهێنرێت.
سەلەم: پێشکڕ (کڕین و فرۆشتنی بەرهەمێکی کشتوکاڵ بەر لە پێگەیشتنی).
سەوەشیر: سەبەتەیەکی گەورەیە خواردەمەنی لەژێردا هەڵدەگیرێت.
سەیوان: چەتر
سپیان: مەڕ
سپییە ڕۆژ: ئەو ڕۆژەی تەنکە هەورێکی هەبێت و خۆر بە باشی بەدیار نەکەوێت.
سپیواژ: ڕەنگێک بەلای سپییەوە بچێت.
سڕ گومکردن: ونکردنی بە ئەنقەست
سنەوبەر: کاژ، کاج
سنداندارى: سنداناوی (جۆرە نەخۆشییەکی میوە و سەوزەیە).
سوارە: مەڵۆ
سواقدان: سواغدان
سوو: خەم بۆ خواردن
سووژن: گوندووش، جەواڵدروو
سوولاوکە: سوولاوک.
سۆریکە: سووریژە
سۆل: نەعل. (هەر پێڵاوێک وەک نەعل لەپێ بکرێت).
سیسکەسراوە: پزدووک، باپشکێو
سیکارد: چەقۆی گەورەی بەدەسک
سێبەگایی: ژنبەژنی سێ لایەنە
سێڵ: ساج

**ش-** شایی: دیلان، چۆپی
شەتەحات: قسەی بێ سەروبەر
شەشاگر: دەمانچە
شەقڵ: نیشانە (مۆری خەرمان).
شەللاتی: لۆتی
شەڵتە: ڕەشکە
شەمێ: مێو، دەرمێو، تلّپە
شەو بەکێ: شەوبەکێو (هێشتنەوەی مەڕومالاّت بە شەو لە دەرەوە).
شەوین: شەواژۆ
شڕ و وڕ: شڕۆڵ
شفتی: شووتی
شوونک: دارێکی بە دەسک بوو لە کاتی جل شۆردندا پێی لە جلەکە دەدرا بۆ ئەوەی پاک بێتەوە.
شیر: شمشێر
شیربایی: بڕە پارەیەکە لە جیاتی کچ بەشوودان وەردەگیرێت و بۆ بووکەکە خەرج ناکرێت.
شیو: چێشت
شیوە خوار: لەوەڕاندنی مەڕومالاّت لە سەرەتای شەودا.

**ع-** عەرد: زەوی
عەلمۆدە: سفوور
عەلیشیش: قەل، قەلەموون

**غ-** غاردان: ڕاکردن
غەواره: بێگانە

**ف-** فاتەڕەشە: سپڵ
فاق: ئامرازێکی باڵندە گرتنە
فەرشە: پنە
فەریک: دانەوێڵەی پێگەییو کە هێشتا وشک نەبووبێت.
فڕفڕۆک: خولخولە
فرۆ: ژەک
فریز: چیمەن
فستق: پستە
فسکەفسک: چرپەچرپ (گفتوگۆی لەسەرەخۆی نێوان دووکەس).
فندەگولە: بچووک
فیشەک: تەقەمەنی
فیلەتەن: زەبەلاح

**ق-** قاپقاپ: جۆرە نەعلێکی لە دار دروستکراوە بە زۆری لە کاتی قاچ شۆردندا لەپێ دەکرێت.
قاشۆ: دارێکی سەر چەماوەیە، یاریی قاشۆبانێی پێدەکرێت.
قەلیچە: مافوور
قاندرمە: پەیژە
قایل: ڕازی
قەپرغە: لاتەنیشت
قەپێلک: توێکڵ (بۆ شتی ڕەق).
قەتێ: کوڕ کوڕ
قەزناخ: بڕی دوو تەنەکە لە دانەوێڵە
قەنەفر: مێخەک
قەیناغ: جۆرە پەنجەوانەیەکی لە تەنەکە دروستکراوە و لە کاتی دروێنە کردندا لە پەنجە دەکرێت.
قرچۆک: ڕژد، ڕەزیل، چاوچنۆک
قرێژ: پیسی
قشپل: پشقل
قوتاربوون: دەربازبوون
قونجیلکە: قونجڕکە
قوون: قینگ
قوونپانی: پاژنە
قونێر: دومەڵ
قۆرتەمل: قۆچەمل
قۆچ: شاخ (بۆ ئاژەڵ)
قیچ: بڕێکی کەم، کەم
قیرپاچ: قەمچی

**ک-** کاردی: کاردوو
کالیار: جۆرە کاڵەکێکی شێوە درێژە
کەپوو: لووت
کەدینە: گلێنە (کووپەی بچووکی ئاو)
کەرەباب: کەڵەشێر
کەژی: کەژوو

کەسک: سەوز
کەشمەکەشم: کێشەکێش
کەللا: هەڵمات
کەللایانی: هەڵماتێن
کەندوو: کەنوو (شتێکە لە قوڕ دروست دەکرێت و گەنمی تێدەکرێت).
کەوەرۆژ: ڕۆژێکە کە تەنکە هەورێک ئاسمانی داپۆشیبێت.
کەوش: پێڵاو
کەون ونوو: کەلوپەلێک نە زۆر نوێ بێت و نە زۆر کۆن.
کرۆسک: هەرمێی خۆڕسک
کرێوە: بارانێکی وردی بەفراوی
کلۆ: کوللە
کوارگ: قارچک
کودی: کوولەکە
کورتان: کۆپان
کوسکێشی: ماستاو ساردکردنەوە، مادەرایی
کوو: چۆن
کوورک: خەڵووزە (نەخۆشییەکی دانەوێڵەیە).
کولانکە: کلاوڕۆژنە
کوندە: پێستەی بزنە بە ساغی دەردەهێنرێت و پاش خۆشکردنی ئاوی تێدەکرێت.
کوندەران: کوندەڵان (شوێنی کوندە لێدانان).
کووز: قاش
کۆترۆکە: سنجاق
کۆتک: کاسەیەکی قەبارە گەورەیە لە دار دروست دەکرێت و بە زۆری دۆی تێدەکرێت.
کۆچک کلاوێکی درێژە سەرو گوێلاکی منداڵی ساوای پێ دادەپۆشرێت.
کۆل: شوێنی ئاودانی مەڕومالات.
کۆڵەمست: بۆکس
کیرمیز: هیچ کەس (کیرمیزی لێ نییە!)
کیژ: کچ
کێرووشک: کەروێشک
کێشکە: چۆلەکە

**گ**- گابەرد: بەردی گەورە
گازاندە: گلەیی
گازکردن: بانگکردن
گاشەبەرد: بەردێکی پڕ بە لەپی دەست.
گەردەلوول: گێژەلووکە
گەروو: قوڕک
گەف: هەڕەشە
گەمبۆر: گەمبۆڵ (گۆڵەسەگی پیر).
گەندە: خراپ
گەندەخۆر: ئەو کەسەی هەموو شتێک بخوات.
گەندوگوو: شتی خراپی تێکەڵاوکراو.
گەورە بەگچکە: ژنبەژنی بە کچێکی گەورە و یەکێکی بچووک.
گچکە: بچووک
گفت: بەڵێن
گڵەسەر: جۆرە گڵێکە جاران بۆ سەر شۆردن بەکاردەهێنرا.
گنجی: کەمیڵ
گندۆرە: کاڵەک
گورگە لۆقە: هەڕوەڵە (ڕۆیشتنێک لەنێوان ڕۆیشتنی ئاسایی و غارداندا).
گوریس: پەت
گوژارک: زرکەتاڵ، زەرەند
گوو کولێنەوە: مرۆڤێکی زۆر ڕەزیل و چاوچنۆک.
گوللەبەند: جۆرە نووشتەیەکە گوایە ئەوەی لە خۆی ببەستێت گوللە کاری لێ ناکات.
گوێدرێژ: کەر
گۆپاڵ: گۆچان
گۆپکە: چرۆ
گۆربە: گۆرەوی
گۆزینگ: قولەپێ
گۆشت پاک: ئەو مرۆڤەی برینی زوو چاک بێتەوە.
گۆشت پیس: ئەو مرۆڤەی برینی درەنگ چاک بێتەوە
گۆلک: گوێرەکە
گۆلم: بڕی ناولەپی دەستێک لە شت.
گیشە: شارا
گیشەکەر: ئەو ژنەی بەدوای سەپانەوەیە و مەڵۆ دروێنەکراوەکان دەباتە سەر گیشە (شارا).
گێچەڵ پێکردن: شەڕ پێ فرۆشتن، تەشقەڵە پێکردن

گێژکە: لە بێژینگدانی دانەوێڵە.

**ل-** لاپرەسەنگ: کەس نەناس
لاپووتەس: مەساسەی جووتکردن
لەپکە: پیرۆزە
لە دەورت گەڕێم: بەقوربانت بم، بەسە دەقەت بم
لە زەواقی نا: هەراسانی کرد
لەگەن: قاپی قەبارە گەورە
لەوەدە: کادین
لووشکردن: لەفکردن (خواردنی شتێک بەناڕەوایی).
لوولاق: ئێسکی قاچ و بەلەک

**م-** مادەرایی: ماستاو ساردکردنەوە
مازی: مازوو
مامرەت: مامەڵە
مامز: ئاسک
ماندی: ماندوو
مەرلێکدان: تێکەڵاوکردنی دوو ڕانە مەڕ و بەخێوکردنیان لەلایەن یەکێک لە خاوەنەکانیانەوە.
مەڕومالاَت: وڵسات
متەقی نەکرد: کڕبوو، دەنگی لێوە نەهات.
متوو: هۆگر
مراوی: سۆنە
مزاش: گەنم و جۆی تێکەڵکراو
مشار: هەرە
مشکی: خۆڵەمێش
منگەمنگ: قسەکردنی لەبەرخۆ و نزم.
مێرد: شوو، هاوسەر
مێرووستان: مێروولە
مێش هەنگین: هەنگ
مێگەل: ڕان

**ن-** ناتر: ئەو کەسەی لە گەرماوەکاندا خەڵک دەشوات.
ناندین: مۆبەق، مەتبەخ
ناسکەنان: نان، یان ئەستوورکێک کە کەرە، یان ڕۆنی لێدرابێت.
ناقرقێ: ئارام ناگرێت
ناوکەف: ناواخن
نەخت: پارەی پێشەکی وەرگرتن لەجیاتی کچ بە شوودان.
نەینۆک: ئاوێنە
نیوداشت: نە کۆن و نە نوێ

**و-** وەخت: کات
وەردێنە تەڕاخوما (نەخۆشییەکی چاوە).
وشکردن: گوڵەوەچنی. (هەڵگرتنەوەی گوڵە دانەوێڵەی بەجێماو دوای دروێنە).
ولاش: هاوڕێ
ولاَغە بەرزە: ئەسپ و ماین

**هـ-** هەراش: گەورە
هەرامە: هێن، وانەک
هەرچیوەپەرچی: نا کەس بەچە
هەرس: ورچ
هەر مێشک: ئەستوورکی پارچە پارچەکراوی بە کەرە، یان ڕۆن چەور کراو.
هەرو گیف: هەڕەشە
هەش بەسەر: بەدبەخت، قوڕبەسەر
هەنجەت: بیانوو
هەنجن هەنجن: ورد و خاش
هەنیشک: ئانیشک
هۆدە: غورفە، ژوور
هۆدەقڕان: ئەو مرۆڤەی جاران داری گەورەی بۆ ماڵان پارچە پارچە دەکرد.
هۆزەبانە: گوێزەبانە
هیربار: قاپوقاچاغ
هێسک: ئێسقان

**ی-** یاساغ: قەدەغە
یاغر یاغر: هێدی هێدی. (ڕۆیشتنی لەسەرەخۆ).